# دەزگایەك بۆ ئەنفال دروست بكرێ و
# ( ئەتڵەس )ێكیش بۆ سەر ژمێرییەكان بكرێ...




**بەمەبەستی كاركردن بۆ بە جیهانیكردنی كارەساتەكانی ئەنفال و كیمیاباران وەك تاوانی جینۆساید دژی گەلی كورد ...**

لەرۆژی 2007/7/26 وەفدێكی سەنتەری بە جیهانكردنی ئەنفال و كیمیاباران كە بێجگە لە نوێنەرانی كوردستان نوێنەرانی وولاتانی ئەوروپا-شیان لەگەڵدابوو سەردانی دیوانی وەزارەتی مافی مرۆڤی حكومەتی كوردستان-یان كردو لەلایەن بەرێز د.شوان مەحەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ بەگەرمیەوە پێشوازیان لێ كرا.

لەسەرەتای دیدارەكەدا باس لەگەورەیی ئەم دوو كارەساتە كرا كە دەرهەق بەگەلی كورد لەلایەن رژێمی بەعس كراوە،بۆیە وەفدی میوان لەراپۆرتێكی تێرو تەسەلدا باسیان لەو هەوڵ و كۆششەی خۆیان كرد بۆ رێكخستنی كۆنفرانسێك بۆ ئەم مەبەستە بە بەشداریكردنی پسپۆڕانی ناوەوەی كوردستان و بیانیەكان تا بتوانرێ بەجیهانبوونی ئەم كارەساتانە لەدونیا وەكو جینۆساید بناسرێ و واشیان پێباشبوو كە دەزگایەك بەناوی(دەزگای ئەنفال) دابمەزرێ و دوور لەهەموو سیمایەكی حیزبایەتی و بەشێوەیەكی زانستیانەو پرۆفیشنال كاری تیا بكرێ و لەپێشداش (ئەتلەس)ێك بۆ دەستنیشانكردنی زانیارییە كاملەكان بۆ پرۆسەی ئەنفال دروستبكرێ وەك دیكۆمێنتێكی زیندو و جوگرافیای ئەنفال و ژمارەی گوندەكان و خەڵكی گوندەكان و رەزوباخی گوندەكان...هتد تیا دەستنیشانبكرێ.

هەروەها وەفدی ناوبراو ئەوەشی راگەیاند كە كار بۆ ئەوەكراوە لەمانگی (11)ی ئەمساڵ لەپەرلەمانی نەرویج كۆنفراسێك بەپشتگیری دۆستانی كورد لەمەڕ مەسەلەی ئەنفال لەم وڵاتە ساز بدرێ كە ئەمەش

لەتــەوەرێکی دیکــەدا زەروریــەتی دروســتبونی (لــوبی)یــەکی کــوردی لــە ئــەوروپا لــەنێوانی هــەردوولادا تاوتوێکراو بەکارێکی زۆرباش وەسفکراو ئاماژەشیان بەوەدا کە حکومەت پێویستە پشتگیری لـەم هـەنگاوە بکات.

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ ئەم دیدارەی بەهەوڵێکی پڕ بایەخ داناو داوای لەوەفدی میـوان کـرد کـە هەتا زووە کار بۆ ئەم پرۆژانە بکرێ و داواشی لێکردن کە ئـەو پێشـنیارانەی هەیانـە بیـدەنێ تـا لـەرێگای خۆیەوە بیگەیەنێتە سەرەوە بەمەبەستی کار لەسەر کردنیدا.

لەم کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەری گشتیەکانی وەزارەت ئامادەی بوون و نزیکەی سەعات و نیوێکی خایاند.